زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر
ERBIL POLYTECHNIC UNIVERSITY

Kurdistan Region Government
Ministry of Higher Education
and Scientific Research
Erbil Polytechnic University

# Module(Course Syllabus)Catalogue

# 2023-2022

| | | |
|---|---|---|
| **College/ Institute** | **المعهد التقني خەبات** | |
| **Department** | **قسم الادارة القانونية** | |
| **Module Name** | دەروازەیەك بۆ خوێندنی یاسا (المدخل لدراسة القانون) | |
| **Module Code** | ESL105 | |
| **Degree** | **Technical Diploma** [ / ] **Bachler** [ ]<br>**High Diploma** [ ] **Master** [ ] **PhD** [ ] | |
| **Semester** | **1** | |
| **Qualification** | **PHD LAW** | |
| **Scientific Title** | **Assistant professors** | |
| **ECTS (Credits)** | **8** | |
| **Module type** | **Prerequisite** [ ] **Core** [ I ] **Assist.** [ ] | |
| **Weekly hours** | **5** | |
| **Weekly hours (Theory)** | **( 2 )hr Class** | **( 175 )Total hrs Workload** |
| **Weekly hours (Practical)** | **( 2 )hr Class** | **( )Total hrs Workload** |
| **Number of Weeks** | **12** | |
| **Lecturer (Theory)** | **Kawa yaseen salim** | |
| **E-Mail& Mobile NO.** | **kawa.salim@epu.edu.iq** | |
| **Lecturer (Practical)** | **Kawa yaseen salim** | |
| **E-Mail & Mobile NO.** | **kawa.salim@epu.edu.iq 07504826797** | |
| **Websites** | **https://epu.edu.iq/** | |

# Course Book

| | |
|---|---|
| **Course Description** | ناوەروكی كشتی كورس<br><br>ئـەم كۆرسـە گرنگـە بـۆ شـارەزای بـونی قوتابيـان بەحوكمـە گشـتييەكانی ياسـاو رۆشنبير كردنيان بەهەردوو توێری ياساو توێری ماف، وەئەمەش سوودی هەيە بۆ ئامـادەكرنی پـارێزەران وكـاديرانی ناوەنـدی لـەبواری ياسـاييدا بـۆ كـاركردن لـە دامودەزگای دەوڵەت.<br>هـەروەها زانـين وتێگەيشـتنی ئـەم كۆرسـە ڕۆڵـی هەيـە بـۆ دابـين كردنـی هـەلی كـار لەبواری:<br>1- كاری پارێزەری، چونكە ئەم ياسايە پەيوەندييـەكی پتـەوی هەيـە لەگـەڵ هـەموو ياساكان.<br>2- دامەزراندن لەهەموو بەڕێوەبەرايەتی ودامودەزگايەكی حكومی وتايبەت، چونكە هەموو دامودەزگايەك هۆبەی ياسايی هەيە وەفێربوونی دەروازەيەك بۆ خوێندنی ياسا شارەزات دەكات وات لێدەكات ببيتە كەسێكی شياو بۆ بەڕێوەبردنی هۆبەی ياسايی لەم دامودەزگايانە. |
| **Course objectives** | ئامانجە كانی كورس<br><br>1- هەوڵـدەدەم لەڕێگـەی ئـەم كۆرسـەوە قوتابيـەكان فێـری بنـەماكانی فيربـوونی ياسابكەم بەهەموسەرچاوەكانی ولقەكانی.<br>2- پێدانی زانيـاری دەربـارەی سەرچاوەكانی ياسا لەهـەرێمی كوردسـتانی عيراق، وەچـۆنيتی پراكتيزەكردنـی ئـەم ياسـايانە لـەژيانی هـەرتاكێك لەكۆمـەڵگا وژيـانی فەرمانبەران لە دادگاكان.<br>3- ڕۆشنبير كردنی قوتابيان بە سيسـتەمی دادوەری هـەرێمی كوردسـتانی عێـڕاق و ڕۆڵی دادگاكان لە چارەسەر كردنی كێشەكانی ناو كۆمەڵگا.<br>4- شارەزبوونی قوتابيان بە پرۆسەی دەرچواندنی ياسا لە پەرلەمانی كوردستان هەر لەيەكەم قۆناغيەوە كە بريتيە لە پێشنياركردنی پرۆژەی ياسا و پاشان خوێندنەوەی يەكەم و دووەم و دەنگدان لەسەری و ڕەوانەكردنی بۆ سەرۆكايەتی هەرێم هەتاوەكو واژووی لەسەر |
| **Student's obligation** | هەتاوەكو قوتابی بگات بەو ئامانجانەی باسمان كردووە و بتوانێت باشترين سوود |

| | |
|---|---|
| | لەم وانەیە وەربگرێت ئەوا پێویستە ئەم ئەرکانە لە ئەستۆ بگرێت:<br>1- ئامادەبوونی بەردەوامی قوتابی لە ناو هۆڵی خوێندن و غیاب نەبوونی لە وانەکە، هەروەها ئامادەبوونی لە تاقیکردنەوەکان.<br>2- هەڵبژاردنی بابەتەکانی ئەم یاسایە وەکو بابەتی توێژینەوەی دەرچوون هەتاوەکو ئاشنا بێت بە زۆرترین سەرچاوە و بە قوڵی ئەم بابەتانە بخوێنێت.<br>ئە نجام گەیاندنی ئەو ئەرکانەی کە مامۆستای وانە بە قوتابی دەیسپێریت لەوانەش خوێندنی ڕۆژانە (تحضير يومي).توێژینەوەو نووسینی ڕاپۆرت و سمینار پێشکەش کردن... |
| **Required Learning Materials** | 24% Mid Term (Theory and practical)<br>4% Quiz<br>32% Assignment (report, paper, homework, seminar..)<br>20% final practical<br>20% final theory |

**Evaluation**

| Task | | Weight (Marks) | Due Week | Relevant Learning Outcome |
|---|---|---|---|---|
| Paper Review | | 8 | | %2 |
| Assignments | Homework | 14 | | %14 |
| | Class Activity | 2 | | %2 |
| | Report | 4 | | %4 |
| | Seminar | 10 | | %10 |
| | Essay | | | |
| | Project | | | |
| Quiz | | 4 | | %4 |
| Lab. | | | | |
| Midterm Exam | | 24 | | %24 |
| Final Exam | | 40 | | %40 |
| Total | | 100 | | %100 |

**Specific learning outcome:**

قوتابی لە کۆتایی ئەم سمستەری سییە م ئاشنا دەبێت بە :

دەر ئەنجا مە کانی فێربوون:

1- – قوتابی ئەوەی بۆ دەرئەنجام دەبێت کەیاساچییە وەجیاوازی چییە لەنێوان ڕێسای یاسایی وڕێساکانی تر وەکو ڕێسای ئاینو دادپەروەری وڕەوشت.

2- قوتابی زانیاریەکی تەواوی دەستدەکەویٚ دەربارەی جۆرەکانی یاساو لقەکانی

| | |
|---|---|
| | وخسڵەتەکانی ڕێسای یاسایی وسەرچاوەکانی یاسای کوردستانی.<br><br>3- کادیرانی ناوەندی خاوەن بڕوانامەی دبلۆم لەیاسا ئامادەدەبێت لەبواری یاسای دادبینی شارستانی بۆکارکردن لە دامودەزگای دەوڵەت، وچۆنێتی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایانە لەسەر قەرزارو حوکم لەسەردراو ... هتد.<br>4- قوتابی ئاشنا دەبێت بە چۆنیەتی دەرچوواندنی یاسا لە پەرلەمانی کوردستان و هەروەها ڕۆڵی داب و نەریت لە ژیانی یاسایی عێراقی و کوردستانی.<br>- 5- هەروەها قوتابی فێری پێناسەی ماف دەبێت و هەروەها سەرچاوەکانی ماف و جۆرەکانی ماف و جۆنییەتی بەدەست هێنانی. |
| **Course References:** | 1- عبدالباقي البكري وزهيرالبشير، المدخل لدراسة القانون، شركة العاتك لصناعة الكتاب، القاهرة، 1989.<br><br>• سەرچاوەی سوودبەخش:<br>1 - د. غالب علي الداودي، المدخل الى علم القانون، ط7،دار الوائل للنشر،عمان، 2004.<br><br>• گۆڤار و ریڤیوو (ئینتەرنێت):<br>1- گۆڤارەکانی وەقائعی کوردستان کە یاساکانی پەرلەمانی کوردستان تیایدا بلأودەکرێتەوە. |

| Course topics (Theory) | Week | Learning Outcome |
|---|---|---|
| پێشەکی- تویژی یاسا- مانای ڕێسای یاسایی- پێناسەی ڕێسای یاسایی<br>- بنچینەی وشەی یاسا (القانون)- مانای زاراوەیی یاسا. | یەکەم | |
| جیاوازی نێوان زاراوەی یاسا لەگەڵ زاراوەکانی تر ( شەریعە- یاسای وەزعی- لقی یاساو کۆمەڵە بیاسا- سیستەمی یاسایی) | دووەم | |
| باسی دووەم خەسڵەتەکانی ڕێسایاسایی (خصائص القاعده القانونيه)- تەوەری یەکەم- ڕێسای یاسایی ڕێسایەکی هەڵسوکەوتی کۆمەلأیەتییە (انهاقاعدة سلوك اجتماعية) | سێیەم | |

| | | |
|---|---|---|
| :تەوەری دووەم ڕێسای یاسایی ڕێسایەکی گشتی وبێلایەنە (انهاقاعده عامه مجرده)- تەوەری سێیەم- ڕێسای یاسایی وتارێکی ئاراستەکراوە بۆ کەسەکان تاوەکو پەیوەندی نێوانیانرێك بخات | چوارەم | |
| تەوەری چوارەم ڕێسای یاسایی ڕێسایەکی ناچارکەرە وە لکاوە بەسزایەکی بەرجەستەی کەدەسەلأتی گشتی دەیسەپێنێ بەسەرئەو کەسانەی کە لێی لا دەدەن | پینجەم | |
| ێ جیاوازی نێوان ڕێسای یاسایی وەجۆرەکانی ترلەڕێسا کۆمەلأیەتیەکان- تەوەری یەکەم: جیاوازی نێوان ڕێسای یاسایی وڕێسای ئاین | شەشەم | |
| جیاوازی نێوان ڕێسای یاسایی وڕێسای ڕەوشت. تەوەری سێیەم: جیاوازی نێوان ڕێسای یاسایی وڕێسای دادپەروەری. | حەوتەم | |
| :پەیوەندی یاسابەسەرجەم زانستە کۆمەلأیەتییەکان. بەشی دووەم سەرچاوەکانی یاسـا (مصادرالقانـون) | هەشتەم | |
| - سەرچاوە فەرمییەکان (المصادرالرسمیه)- تەوەری یەکەم: یاسای ووسراو (التشریع). لقی یەکەم: چەمکی تەشریع | نۆیەم | |
| جۆرەکانی تەشریع وڕێگاکانی دانانی | دەیەم | |
| . جێبەجێکردنی تەشریع وچاودێری کردن لەسەردرووستیەکەی ,چوارچێوەی جێبەجێکردنی تەشریع یان چەندێتی سەپاندنی,,شیکردنەوەی تەشریع. | یازدە | |
| هەڵوەشاندنەوەی تەشریع.وکۆ کردنەوەی تەشریع | دوازدە | |
| | | |
| **Practical Topics** | **Week** | **Learning Outcome** |
| پێناسەی رێسای یاسایی وبنچینەی یاسا | | |
| جیاوازی نێوان زاراوەی یاسا لەگەڵ زاراوەکانی تر | | |
| جونییەتی خەسڵەتەکانی ڕێسای یاسایی | | |
| چۆنییەتی ئاراستەکردنی تاکەکان لە دامو ودەزگا حکومی بو بە دهینانی داد | | |

| | | |
|---|---|---|
| | | وسەردانی پە رلە مان |
| | | جونییتی قوە الزام بە ریسا دەدین |
| | | چۆنییەتی داریشتنیان |
| | | چۆنییەتی ناسینی سەرچاوەفەرمییەکان ونا فەرمییەکان |
| | | چۆنییەتی وڕێگاکانیدانانی تشریع |
| | | چۆنییەتی جێبەجێکردنی وچاودێری تەشریع |

**Questions Example Design**

پ1: پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە:

- کەسایەتی نابەرجەستە – ریساس یاسایی

وەلامی نموونەی : پرسیاری یەکەم

کەسایەتی نابەرجەستە : بریتییە لە کۆمەڵە ڕێسایەکی یاسایی کەهەڵدەستێت بەڕێکخستنی پەیوەندی نێوان تاکەکان لەکۆمەڵگایان لەنێوان تاکەکان ودەوڵەت بەڵام دەوڵەت بەشێوەی کەسێکی مەعنەوی ئاسایی کەخاوەن دەسەڵات وسەروەری گشتی نییە لەو پەیوەندییە یاساییەدا.

2- ڕێسای یاسایی: ڕێسای هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتییەوگشتی وبێلایەنەو ناچارکەرە، هەروەها پەیوەندی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگا ڕ ێکدەخات

.............................

پ2/أ- نیشانەی راست ( ) یاخود هەڵە ( ) دابنێ لەبەرامبەر ئەمانەی خوارەوە،پاشان ئەگەر هەڵە هەبو وڕاستیبکەوە:

1-ڕێسای یاسایی هەرسێ ئەرکەکانی مرۆڤ (ئەرکی بەرامبەر خودی خۆی وەخوای خۆی وەکەسانی تر) ڕێك دەخات.

2- لەحاڵەتی بەرگری شەرعی دادەسەڵاتی گشتی سزاکە دەسەپێنی بەسەر هێرشبەردا.

- وەڵامی نموونەیی پرسیاری دووەم لقی أ:

1- هەڵەیە- تەنهایەك ئەرك رێكدەخات ئەویش ئەرکی مرۆڤ بەرامبەر بەکەسانی ترە.

1- هەلەیە- کەسەکە خۆیجێگای دەسەڵاتی گشتی دەگرێتەوە.

ب- ئەم بۆشایانەی خوارەوە پڕ بکەرەوە بە ووشەی دروست.

1- بریتیە لەوەی کە دەسەڵاتی گشتی لە وڵاتێکدا هەڵدەستێت بە دانانی ڕێسای یاسایی لە شێوەی نووسراو وە هێزێکی ناچەرکەری پێ دەبەخشێ. لێرەدا تەشریع بە مانای کرداری دانانی دەقی یاسایی و پابەندبوون پێیەوە.

2- خەڵك بەردەوام بن لەسەر ئەنجامدانی هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو کە پەیوەندارە بە لایەنێك لە لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەم ئەنجامدانەش ڕێسایەکی لێ پەیدا دەبێت وە هەستێك لەلایەنی خەڵکەوە دروست دەبێ کە ئەم ڕێسایە ناچارکەرە وەپێویستە لێی لانەدەن.

- وەڵامی نموونەیی پرسیاری دووەم لقی ب:

1- التشريع

2- داب ونەریت

................................

پ3/ وەڵامی ئەمەی خوارەوە بدەوە؟

سیفەتەکانی سزای یاسایی چییە؟

وەڵامی نموونەیی پرسیاری سێیەم:

-سزایەکی بەرجەستەیی دیارەو هەستپێکراوە وە ئازارێکی دیاری کراوە بەپێی ڕەگەزو پێوانە،لێرەشدا بەم سیفەتە جیادەکرێتەوە لەگەڵ ڕێسای ڕەوشت کەسزایەکی ئەدەبی لەخۆ دەگرێت ئەویش لەنێوان ویژداندایە.

-سزایەکی دونیاییە، واتا لەژیانی دونیادا دەسەپێنرێت، لێرەشدا جیاوازی هەیە لەگەڵ سزای ئاین کە لەرۆژی دوایدا دەسەپێنرێت، وەهەندێ جاریش سزای ڕێسای ئاین دوولایەنەیە ( مزدوج )، واتا لەدونیا ولەرۆژی دوایدا دەسەپێنرێت ئەویش ئەگەر ئاین لەکۆمەڵگاوەکوئاین ویاساپەیرەوکرا.

پ4/ جیاوازی نێوان ریسایی یاسا و ڕێسای ڕەوشت بکە

وەلامی نمونەیی پرسیاری چوارەم:

- هەر دوو ڕێساکە ئەم جیاوازیانەی خوارەوەیان هەیە:

1- - جیاوازیان هەیە لەو پێوەرەی کە حوکم لەسەر هەڵسوکەوتەکان دەکات: چونکە پێوەری حوکم لەسەر هەڵسوکەوتەکان لە نێوەندی ڕەوشت پێوەرێکی ناوەکی و ناخی مرۆڤە، چونکە نیەت بە هەند وەردەگیرێ لە ڕوانگەی ڕەوەشتەوە نەك کار، بەلآم پێوەری حوکم لەسەر هەڵسوکەوت لە نێوەندی یاسادا پێوەرێکی دیار و دەرەکیە، چونکە یاسا نیەتی کەسەکان بەهەند وەرناگرێت تاوەکو نەبێتە کردەوە لە جیهانی دەرەکی.

2- جیاوازیان هەیە لە ڕووی ڕوونی و جێگیری: ڕێسای ڕەوشت بەوە دەناسرێتەوە کە ناڕوون و ناجێگیرە، چونکە لە نێو

ویژدانی کەسەکان دەژێ، بەلاّم رێسای یاسایی روونە و جیگیرە وە نوسراوەتەوە لە یاسا نوسراوەکان.

3- جیاوازیان هەیە لە رووی سروشتی سزا و سەپاندنی سزا : چونکە سزای رێسای رەوشت سزایەکی ئەدەبییە ( ناکرێت بەرجەستەی جێبەجێ بکرێت ) کە بریتیە لە سەرزەنشت کردن و ئازاری ویژدانی کەسەکە لەلای خۆیەوە وە سەیرکردنی نائاسایی کۆمەڵگا بۆ ئەم کەسە وە تورەبونیان لێ ی، بەلاّم سزای یاسایی بەرجەستەیە ( مادی ) وە لەلایەن دەسەلاّتی گشتی دەسەپێندرێ.

4- جیاوازیان هەیە لە رووی چوارچێوەی بریاردان لەسەر ئەرکی مرۆڤەکان : رێسای یاسایی بریار لەسەر ئەرکی مرۆڤ دەدات بەرامبەر بە کەسانی تر، بەلاّم رێسای رەوشت بریار لەسەر هەموو جۆرەکانی ئەرکی مرۆڤ دەدات.

پ5/ خەسڵەتەکانی رێسای یاسایی بژمێرە ویەکیان باس بکە( عددخصائص القاعده القانونیه واشرح واحدا منها )

وەلاّمی نموونی پرسیاری پینجەم:

1- رێسایەکی هەڵسوکەوتی کۆمەلاّیەتییە ( انها قاعده سلوك اجتماعیه ).

2- رێسایەکی گشتی و بێ لایەنە ( انها قاعده عامه مجرده ).

3- رووی وتارەکەی ئاراستەی کەسانی ناو کۆمەڵگا دەکات بۆ رێکخستنی پەیوەندیەکانیان ( انها تتوجه بخطابها الى الاشخاص فى المجتمع ليتولى تنظيم روابطهم ).

4- رێسایەکی ناچارکەرە وە هێزی ناچارکەرییەکەی لەو سزایە وەردەگرێ کە لەلایەن دەسەلاّتی گشتییەوە دەسە پێتە سەر سەرپێچیکار ( انها قاعدة ملزمة وتأتي قوتها الالزامية مما تقترن به من جزاء مادي تفرضه السلطة العامة على من يخالفها ).

رێسایەکي هەڵسوکەوتی کۆمەلأیەتییة (انها قاعدة سلوك احتماعية )

یەکێك لە خەسڵەتەکانی رێسای یاسایی ئەوەیە کە رێسایەکی کۆمەلاّیەتیە چونکە هیچ سودێکی نابێ ئەگەر لە کۆمەڵگادا نەبێت کە تاکەکان تیادا دەژێن وە چالاکیەکانیان تیایدا ئەنجام دەدەن، وە سیستەم و تەبایی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا بەدی دێنێت.

رێسای یاسایی پەیوەست نیە بە دروست بوونی دەوڵەت بەڵکو ئەم رێسایە هەبووە لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکانیش جا لە شێوەی خێزان یان خێڵ یان هۆز دواتر شار ئەمەش پێش پەیدا بوونی کۆمەڵگا وەکو رێکخستنی سیاسی کە ئێستا پێ ی دەوتریت دەوڵەت. وە سەرەتاش ئەم رێسایانە لە کۆمەڵگادا هەبووە بە شێوەی ئاین وئاداب و نەریت، وە

مامۆستای بابەت

پ.ی.د.کاوە یاسین سلیم

**Extra notes:**

**External Evaluator**

This course book contains all the necessary components that can be used as a guide by the students during the semester. The course book also includes important elements such as objectives and learning outcome of the module. The lecturer has also included some samples of questionnaires that can benefit and work as guide for students for their revisions period. The course book has also enshrined some references that students can refer to if they are interested to explore the studies further. For the reasons mentioned, I confirm that this course book satisfies the quality assurance requirements and I recommend that students have a copy so that they can refer to throughout the semester.

Assistant professor

Dr. Abdullah Omar Yassen

PhD in International Law Erbil College of Technical Administration Erbil Polytechnic University